# سیامەند لە چاوەڕوانی خێرخوازانە

**شەرمین کەریم**



**سیامەند حمد** کرێکاری یەکێك لە نانەواخانەکانی تەیراوەی  شاری هەولێرەو بە کاری نانەوایی و بە وەرگرتنی ڕۆژانەی نانەواخانە بژێوی ژیان بۆخانەوادەکەی پەیدا دەکات  ،سیامەند خێزاندارەو خاوەنی مندالّێکی ژیکەلّەیە لە خانوێکی تەنگ و تاریکدا ژیانی دەگوزەرێنیێ،لە سەردانێکماندا وەکو تیمی بەدەنگەوەهاتنی هەژاران بۆ نێو مالّەکەی سیامەندی نانەوا لەناو جێگادا ڕاکشا بوو ،هۆکاری ڕاکشانەکەشی بەربونەوە بوو لەسەردیواری مالّەکەی کە بۆ چاککردنەوەی تەلی کارەبا بۆی چووبوو، لەگەلّ بەربوونەوەکەی زنجیرەی فەقەڕاتی پشتی تووشی شکان و لێك ترازان دەبێت و پەکی دەکەوێت ،پاش ئەوەی هاوڕێ و خزم و ناسیاوی سیامەند بڕە پارەیەکی بۆ کۆدەکەنەوە دەیبەن بۆ لای پزیشك  و نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدەدەن، بەلاّم بە تەنها یەك نەشتەرگەری چارەسەرنابێت و پزیشك چەند زنجیرە نەشتەرگەریەکی بۆ ئاماژە پیێ دەکات  تا دەگەڕێتەوە باری ئاسایی، بەلاّم سیامەندی هەژار لەخۆی ڕانابینێت چونکە باری ژیان و گوزەرانی لەوپەڕی خراپیە  و سەرەڕای ئەوەش مانگانە بڕی 100،000 دینار دەداتە کرێی خانوەکەی.



گەلاوێژ خێزانی سیامەند بە هەناسەیەکی پڕ حەسرەتەوە باسی لە گوزەرانی خۆیان دەکرد کە لەوکاتەی سیامەندی هاوسەری لە ناو جێگادا کەوتووە باری ژیانیان لەوپەڕی ئالۆزییە چونکە جگەلەو یارمەتیەی کە دەرو دراوسێ و ناسیاو دەیدەن هیچی تر شك نابەن، ووتیشی کاتی نەشتەرگەریەکەی سیامەند نزیك بۆتەوە بەلاّم لەبەر نەبوونی پشتگوێمان خستوە و چاوەڕوانی دەستی خێرخوازانین کە هاوکاریمان بکەن.

بۆ هاوکاری کردن تکایە پەیوەندی بکەن

**بە ژمارە مۆبایلی** 07507460602 **یان بە ئیمیلی**

sharmenkarim@yahoo.com